المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (7) – العدد (1)، حزيران 2023
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 17-36

# پاراستنی شیعر و شاعیرانی کورد وەک بەشێک لە کولتوری نەتەوە لە دەنگی گێتی تازەدا

موحەمەد ئەمین عبدالله[1]، نیگار عبدالله کریم[2]

[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی چەرموو، سلێمانی، عێراق

Email: mohammed.ameen@univsul.edu.iq[1], nigarabdullah014@gmail.com[2]

**پوختە:**

پێگەی (دەنگی گێتی تازە) لەکاروانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا لە بوارە ئەدەبییە کلتورییەکانی (زمان، شیعر، وتار....)دا، دەردەکەوێت. لە ناو ئەو کولتورەدا ڕۆڵی (شیعر)، کە هەڵگری سیمای نەتەوەیی کوردەو لەلایەن نوسەرەکانەوە خراوەتەڕوو. شیعریش وەکو کولتورێکی نەتەوەیی ئامرازێکی گرنگ بووە وەک یەکێک لە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆژگاردا بایەخ و گرنگی و سودی لە زیادبوندا بووە، بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و ئاگاداربوون لەڕەوتی ڕۆژگارو سەردەمەکانی کۆن و سەردەمی گۆڤارەکە. دەنگی گێتی تازە گرنگی بە شیعری شاعیرانی کلاسیک داوە. پاشان شیعری نوێ سەری هەڵداوەو کۆمەڵێک شاعیر ڕۆڵیان هەبووە لە شیعری نوێدا. ئەم شاعیرانەش بوون بە سەردەستەو دەستپێکی شیعری سەردەم لە دەنگی گێتی تازەدا، گۆڤارەکە یارمەتی شاعیرانی داوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان و دەربڕینی مەبەستە شیعرییەکان. جگە لەمە ئەم گۆڤارە گرنگیی داوە بە بڵاوکردنەوەی شیعری میللی و لە ڕێگەی ئەو شیعرە میللییانەوە زۆر لایەنی کولتوری کوردەواری خراونەتەڕوو. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەدا بەناوی "پاراستنی شیعر و شاعیرانی کورد وەک بەشێک لە کولتوری نەتەوە لەدەنگی گێتی تازەدا" پۆلێنی شیعرو شاعیرەکانمان خستووەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** کولتور، شیعر، دەنگی گێتی تازە، کۆن، سەردەم.

**الملخص:**

تتجلى الدلالات مهمة لـ (دەنگی گێتی تازە) في الصحافة في المجالات الحرفية والتقليدية (اللغة، الشعر، المقال...). يتعامل كل فرع من هذه الفروع مع العديد من المجالات التقليدية. كانت هذه المجالات تخدم التقاليد الكردية. وقد أوضح الكتاب أهمية (الشعر) الذي يشير إلى الرموز القومية الكردية. ومع ذلك، كان الشعر كثقافة وطنية وسيطا مهما. مع مرور الوقت زادت أهميتها وميزتها، وذلك لتوعية المجتمع بالأحداث المعاصرة في عصره. (دەنگی گێتی تازە) ساعد الشعراء على نشر منتجاتهم، بالإضافة إلى نشر الشعر الكلاسيكي.

بدأ الشعر يؤثر على نفسية كل فرد من الأكراد منذ العصر الكلاسيكي وما بعده. المكون – المجتمع، الثقافة.... من القصائد تتدفق من قلوب الشعراء وانفعالاتهم. لطالما تكرر الشعر الكلاسيكي شفهيا من قبل الأفراد الأكراد. لقد أثرى اللقاءات الكردية..... هؤلاء هم الشعراء الذين أخذوا زمام المبادرة في الشعر المعاصر.

**- الكلمات المفتاحية:** الثقافة، الشعر، دەنگی گێتی تازە، كلاسيك، المعاصر.

**Abstract:**

The traditional significances of (Dengî gêtî taze) in journalism are demonstrated as a national culture was a significant medium. Over time its importance and advantage have increased, so as to aware the society about contemporary happenings at its era. (D. G. T) has assisted the poets to publish their products, in addition to publish the classical poetry. in the literal and traditional domains of (language, poetry, essay….). Each of these branches handles many more traditional domains. These domains have been serving Kurdish tradition. The importance of (poetry) -which refers to Kurdish national symbols-, has been shown by the writers. However, poetry. Poetry has started to affect each Kurdish individual psych from classical era and on. The component -society, culture…Of the poems


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.1.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

has squirted from poets' hearts and emotions. Classical poetry has always been repeated orally by Kurdish individuals. It has enriched Kurdish meetings…... That was these poets who took initiative to the contemporary poetry.

**Key words:** Culture, Poetry, Dengî gêtî taze, classic, contemporary.

**پێشەکی:**

ڕۆژنامەگەری کوردی بەگشتی خزمەتێکی زۆری کولتوری نەتەوەیی کوردی کردووە، وەک دەزانرێت لەناو هەموو میللەتێکدا ڕۆژنامەو کولتور بەگشتی و ڕۆژنامە و ئەدەب و زمان بەتایبەتی دوو دیوی یەک دراون، واتە تەواوکەری یەکترین و خزمەت بەیەکتری دەکەن. ڕۆژنامە بەرهەمی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە و بەرهەمی ئەدەبیش خزمەتی ڕۆژنامە دەکات، هەر بۆیە لێکۆڵەران بایەخیان بەبواری ئەدەبی و کولتوری داوە لە ڕۆژنامەگەریدا. لەلای ئێمەش لە بواری ئەکادیمیدا کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە نوسراون تەنها لایەنی ئەدەبیان گرتوتەوەو باسیان لەڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە بواری ئەدەبدا کردووە، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی دەنگی گێتی تازەوە نەکراوە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەناوی "پاراستنی شیعر و شاعیرانی کورد وەک بەشێک لە کولتوری نەتەوەیی لە دەنگی گێتی تازەدا"، کە هەڵێنجراوی نامەی ماستەرەکەمانە، باس لە ڕۆڵی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە دەکەین لە بایەخدان بە کولتوری کوردی بەتایبەتی (شیعر).

**ئامانجی توێژینەوەکە**

* خستنەڕووی زانیاری نوێ دەربارەی شیعر لەگۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا.
* دیاریکردنی ڕۆڵ و گرنگی دەنگی گێتی تازە لە خستنەڕووی لایەنە کولتورییەکان و ئاشناکردنمان بەکولتوری نەتەوەیی شیعر.
* کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لە بوارە جیاوازەکانی کولتور و ئەدەب لە دەنگی گێتی تازە.
* دەرخستنی لایەنی ئەرێنی دەنگی گێتی تازە و ئامانجەکانی.

**گرنگی توێژینەوەکە**

ڕەواندنەوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنیانەی هەندێک لە نوسەران سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە خستویانەتە بەردەستی ڕۆشنبیران و نوسەران و خوێندەواران، هەرئەمەش وایکردووە کەمتر ئاوڕ لەدەنگی گێتی تازە بدرێتەوەو تا ئێستا هیچ نامەیەکی ماستەرو توێژینەوەیەک لەم بوارەدا نەکراوە. گرنگییەکی تری لەوەدایە کۆکراوەی شیعری ناوچە جیاوازەکان و سەردەمە جیاوازەکانی تێدایە.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەو میتودەی لەم توێژینەوەیەدا گیراوەتەبەر دەکەوێتە چوارچێوەی (میتۆدی مێژوویی) و (ڕێبازی وەسفی شیکارییە)، بەو پێی بە بەشێوەی تیوریی و پراکتیکییە و بەستنەوەی بابەتە شیعرییەکانە بەکولتوری کوردییەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکییەکە لە سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باسی سیمای کولتوری ڕۆژنامەگەری و کولتوری نەتەوەیی شیعر و ڕۆژنامەگەری کراوە. لە بەشی دووەمدا باسی شیعر کراوە لە دەنگی گێتی تازەدا، هەر لەم بەشەدا باسی شیعری هونەری بەرز (کلاسیک) و شیعری میللیی کۆن کراوە لە دەنگی گێتی تازەدا. لە بەشی سێهەمیشدا باسی شیعری سەردەم کراوە لە گۆڤارەکەدا، کە شیعری هونەریی سەردەم و شیعری میللی سەردەم دەگرێتەوە و بە نمونەوە باسی ئەم دوو جۆرەی شیعرکراوە لە گۆڤارەکەدا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.1.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (7) – العدد (1)، حزيران 2023
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ئەنجام**

لە کۆتاییدا سەبارەت بە خستنەڕووی شیعر و بەرهەمی شاعیران لە دەنگی گێتی تازەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان کلتورو ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، هەر ئەو پەیوەندیەش لەدەنگی گێتی تازەدا لە پێناو پاراستنی کلتوری نەتەوەیی کوردو خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردی لەڕێگەی زیندوکردنەوەی بەرهەمی شیعری شاعیرانی کۆن و بڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرانی سەردەمی گۆڤارەکەدا دەبینرێت.
2. ئەگەرچی تێڕوانینێک هەبووە پێی وابووە دەنگی گێتی تازە ئینگلیزەکان بۆ مەرامی خۆیان پشتگیرییان کردووە، بەڵام ئەم گۆڤارە خزمەتێکی گەورە بەرچاوی بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی و کلتور و ئەدەبیاتی کورد کردووە.
3. نوسەرانی دەنگی گێتی تازە بایەخیان بە لایەنە کلتورییەکانی شیعر داوەو لە ناوەڕۆکی شیعرەکانەوە چەندین دیاردەی کلتوری نەتەوەییان خستووەتەڕوو.
4. بڵاوبونەوەی شیعر و بابەتە کلتورییەکان لەدەنگی گێتی تازەدا لە قۆناغێکی هەستیاردا بووە، کە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەو ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە و ئومێدی هەندێ لە شاعیرانی سەردەمی گۆڤارەکە بە بەڵێنەکانی ئینگلیزی تێدایە.
5. لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا جگە شیعری شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی نوێ، شیعری میللی و شیعری شاعیرە میللییەکانی پێش گۆڤارەکەو سەردەمی گۆڤارەکەش بڵاوکراوەتەوە.
6. دەنگی گێتی تازەش وەکو هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێکی تر پێگەو گرنگی و ڕۆڵی خۆی نیشان دەدات و لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە بۆ پێشخستنی بوارە جیاوازەکانی کلتور و لەناو ئەو بوارانەشدا بواری شیعر.

**سەرچاوەکان**

**- کوردییەکان**


1. ئیبراهیم، عمر: (١٩٧٩)، فۆلکلۆر بەرهەم و دەستکەوت و بەهرەی هەزاران ساڵ پێش ئێستایە، ڕۆشنبیری نوێ ـ ژ٧٦.
2. ئیسماعیل، نەسرین ڕەوف: (٢٠١٠)، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
3. ئەحمەد، نەوزاد عەلی: (٢٠٠٠)، هونەرەکانی ئەدەب لەڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا، ماجستێرـ زانکۆی سلێمانی.
4. بەرزنجیی، هەڵۆ: (٢٠٠٥)، پرسیارەکان هێشتا تینوی وەڵامن، کوردستان.
5. جاف، سروود وەلی: (٢٠٠٤)، ڕەنگدانەوەی ئەدەبی کوردی لەڕۆژنامەی ژیانەوەدا، زانکۆی بەغداد ـ ئیبن ڕشد.
6. حلمی، ڕەفیق: (٢٠١٠)، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی ئاراس ـ هەولێر.
7. خەزنەدار، مارف: (١٩٨٩)، کورتەباسێک لە بابەت ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی یەوە، کاروان ـ ژ٧٦،٨
8. خەزنەدار، مارف: (٢٠٠٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دوو، هەولێرـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
9. سەججادی، عەلادین: (١٣٨٩)، □□□□□ □□□□□□ □□□□□□□، سنندج_ کوردستان.
10. عارف، حەمکریم: (٢٠٠٧)، دەربارەی شیعرو شاعیر، نوسەری کورد.
11. قەزاز، ڕەمزی: (١٩٧١)، بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد، سلێمانی ـ چاپخانەی ژین.
12. کاکەی فەلاح، حەمەحمە ئەمین: (١٣٩٧)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، سنندج ـ کوردستان.
13. نازم، سەنگەرحسێن و مەولود، ڕێزان: (٢٠١٨)، ژانرە ئەدەبییەکان، هەولێر ـ ناوەندی ئاوێر.
14. نەریمان: (١٩٧٤)، لێکۆڵینەوە لە کتێبی کوردی کوردەواری، بەیان ـ ژ١٧.
15. نەریمان، مستەفا: (١٩٨٨)، توێژینەوەیەک دەربارەی دەنگی گێتی تازە، ڕۆشنبیری نوێ ـ ژ١١٧.
16. عزەت، فتاح حەمەساڵح: (٢٠١٨)، کلتوری کورد و ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ، زانکۆی سلێمانی ـ ژ:٥٥.


**- گۆڤارەکان**


1. زەنگەنە و ئەوانی تر: (٢٠١٣)، ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە، خولی دوو، بەرگی سێ، سلێمانی ـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
2. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، خولی یەک، بەرگی یەک، هەولێرـ بڵاوکراوەی ئاراس.
3. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، خولی یەک، بەرگی دوو، هەولێر ـ بڵاوکراوەی ئاراس.
4. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، خولی یەک، بەرگی سێ، هەولێر ـ بڵاوکراوەی ئاراس.
5. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، خولی یەک، بەرگی چوار، هەولێر ـ بڵاوکراوەی ئاراس.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.1.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (7) – العدد (1)، حزيران 2023
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

6. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، خولی دوو، بەرگی یەک، هەولێر- بڵاوکراوەی ئاراس.
7. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، خولی دوو، بەرگی دوو، هەولێر- بڵاوکراوەی ئاراس.

**- سەرچاوەی عەرەبی**

1. هاوار، محمد رەسول: (٢٠٠٨)، الأثار الكاملة المقالات العربية، السليمانية ـ مطبعة شڤان.
2. فيلال، سليمة: (٢٠١٣ـ ٢٠١٤)، بنية الهوية الجزائرية في ظل العولمة، أطروحة شهادة دكتوراه العلوم في علم الاجتماع تخصص علم الجتماع الثقافي ـ جامعة محمد خيضر.
3. يونس، أ.د.الفاروق زكي: (١٩٩٧)، نظرية الثقافة، عالم المعرفة ـ للثقافة و الفنون و الأداب ـ الكويت

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/7.1.12
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)